فاتح شيخ
fateh_sh@yahoo.com
21 آپریل 2005

# لەسەر لووتکەی کێوێک لە ناکۆکی!

وەزعی عێراق و سەرۆك كۆماری جەلال تاڵەبانی

لەگەڵ سپاردنی پۆستی سەرۆك كۆماری عێراق بە جەلال تاڵەبانی، لە دوو حەوتوو لەمەو پێشەوە ئۆركێسترای میدیای رۆژاوا و میدیای دەستەودایرەی جۆربەجۆری زاڵ بەسەر عێراقدا پڕۆپاگەندەیەكی خەستیان وەرێ خستوە كە گوایا پڕۆسەی دێمۆكراسی و دەوڵەت سازدانەوە لە عێراق دەستی پێ كردوە! دەهۆڵ و زورنا كە گوایا بزووتنەوەی كوردایەتی سەركەوتنێكی گەورەی دەس كەوتووە! گوایا بەو رووداوە ترازووی هێز بە قازانجی خەڵكی كوردزمان گۆڕدراوە! وە گوایا ئەم خەڵكە، بێ ئەوەی بیر لە قازانج و زەرەری مەسەلەكە بكەنەوە، هەر بەوەندەی "كورد"ێك لە عێراق بوەتە سەركۆمار دەبێ شانازی بەخۆ بكەن و لێدەن و هەڵپەڕن!

بۆچی؟ چونكە ئەو دەستە و دایرانەی لە بەر بای سیاسەتی ئەمریكادا، لە سایەی شەڕ و داگیركەری ئەمریكادا و بە زەبری میلیشیا و تەحمیق و فریو، سواری سەری كۆمەڵێك لە خەڵك بوون، دەیانەوێ قەومیگەری خۆیان، ئیسلامیگەری خۆیان و عەشیرەگەری خۆیان بە یارمەتی یەكتر! بە شێوەیەكی پایەدارتر بەسەر كۆمەڵگەدا بسەپێنن. دەیانەوێ كۆمەڵگەی دابەشكراو بە چینەكان، جارێكی تریش لەسەری جیاوازی مەزهەب و قەومیەت و تایفەوە دابەش بكەنەوە. دەیانەوێ مۆركی پێناسی شیعە، سوننی، عەرەب، كورد، توركمان، ئاشووری، كلدانی و چی و چی بە نێوچاوانی هاوولاتیانەوە بنووسێنن. دەیانەوێ وشە و مانای ئینسان، چین، كارگەر، سەرمایەدار، هاووڵاتی، ژن، گەنج، مافی یەكسان، ئازادی مەدەنی و كۆمەڵایەتی، كولتووری مۆدێرن و پێشرەو، بەكورتی هەرچی رەنگ و بۆنێكی لە هەنگاوێك بەرەوپێشەوە چوون پێوە بێ لە زەینی خەڵك بسڕنەوە. هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی لە جێی دیكتاتۆریەتی سەدام و كۆنەپەرستی و ملهوڕی بەعس، هەمیسانەوە دیكتاتۆریەت و كۆنەپەرستی و ملهوڕیەک لە چەشنێكی تر لەسەر بناغەی دووبەرەكایەتی خەڵك بە كۆڵی ئەو خەڵكەدا بدەنەوە، هەتا بتوانن چەرخەی چەوسانەوەی كاری كرێگرتە و داسەپاندنی هەژاری و تاڵانی سەروەت و سامانی كۆمەڵگە بە گورزی سەركوت و تەفرەقە و فریو و تەحمیق، وەگەڕ بخەنەوە.

ئەركی ئەم پڕۆپاگەندەیە ئاوەژوو پیشاندانی ڕاستییەكانی ژیانی خەڵك و ماهییەتی ئەو سیاسەتانەیە كە حاڵی حازر بەسەریاندا زاڵ بووە. بەڵام حەقیقەت بەپێچەوانەی ئەم پڕۆپاگەندە كۆنەپەرستانانەیە. ئەوەی ئەم دوو حەوتووە رووی داوە گوێلێك لە كۆگای ئەو ڕاستییانەیە كە ناڕاست بوونی ئەم كەمپەینی پڕۆپاگەندەیە دەخاتە ڕوو.

- پاش دوو حەوتوو هێشتا ئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیری دانراو نەیتوانیوە لە گرفتی دابەشكردنی وەزارەتەكان لە نێوان "لیستی كورد" و "لیستی شیعە" دا تێپەڕ بێ. لە ناوخۆی ئیئتیلافی شیعەش لەسەروەزارەتی ناوخۆ كێشەیە. تازە ئەیاد عەلاویش داوای بەش دەكا و بە ڕژدی پێ لەسەر وەزارەتی "ئاسایش" دادەگرێ (و پشتیوانی "سیا"شی لە پشتە). تازە ئەحزابی ئیسلامی "سوننی" و كۆنە بەعسیەكانیش كە نەچوونە "هەڵبژاردن" بەوحاڵەش ناچارن لە "پڕۆسەی دێموكراسی و دەوڵەت سازدان" دا بەشداریان بكەن، داوای دوو پۆستی ئەسڵی وەزارەت دەكەن!

- وەزعی ئەمنی خراپتر و خراپتر بووە، عەلاوی رۆژی چوارشەمە و یەكێك لە ئەندامانی "كۆمەڵەی نیشتمانی" سێشەمە لە تیرۆر دەرباز بوون بەڵام تەرمی دەیان كەس لە سەرووی بەغدا لە ڕووباری دیجلە دۆزرانەوە. پێكدادان هەمەڕۆژەیە. جەلال تاڵەبانی پیشنیاری كردوە كە میلیشیای ئەحزابی ناسیونالیستی كورد و "سپای بەدر" بچنە ناو ئەو پێكدادانە و هەموو كەس دەزانێ كە ئەوە دەبێتە تەقەی دەسپێكردنی شەڕی ناوخۆیی چەنلایەنە لە نێوان ناسیونالیستە كوردەكان و قەومیە عەرەبەكان و ئیسلامیە شیعە و سوننیەكان و پاشماوەی هێزە چەكدارەكانی ڕژێمی بەعسدا.

- لە هەرێمی كوردستان "ڕێككەوتن" لەسەر یەكگرتنەوەی دوو حوكومەتی هەولێر و سلێمانی كە یەكی دیسەمبری 2004 ئیمزا كراوە هێشتا لەسەر كاغەزە. دوا كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی دوو لایەن كرانەوەی "پەرلەمان" بۆ رەسمیەت پێدانی پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم بۆ مەسعوود بارزانی وەدوا خست. هەموو دەزانن كە بوونی بارزانی بە سەرۆكی هەرێم كە رابەری یەكیەتی نیشتمانی بە جەبری ترازووی هێز ملی پێداوە، سەرەتای یەكیەتی ئەم دوو حیزبە رەقیبە نیە، بەپێچەوانە دەتوانێ سەرەتای گرژ بوونەوەی كێشەی هەمیشەیی یان بێ. هەموو دەزانن كە ئەم پۆستە بە مانای سەرۆك و رابەری بزووتنەوەی كوردایەتیە و ئەم بزووتنەوەیە لەبەر تایبەتمەندی عەشیرەیی رێبەرایەتیەكەی، بەدرێژایی نیو سەدەی ڕابردوو، هەرگیز نەیتوانیوە رابەری تاقانە بۆ خۆی دەستەبەر بكات و ئەمرۆش ناتوانێ. ئەم گرفتە جگە لە رێگای شەڕ و شكستی بەتەواوی یەكێك لە دوو لایەن، "چارە" هەڵناگرێ. خەڵكی ئاسایی لە كوردستان دەزانن و نیگەرانن كە تەقەمەنی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان دوو حیزبی رەقیب، كە ساڵەهایە دوو حوكومەتی جیاواز، دوو بیروكراسی، دوو سیستەمی تاڵان و بڕۆی سامانی كۆمەڵگە

و فەسادی ئیداری و مالی یان، لە دوو بەشی کوردستان قەوارە پێداوە، بە سەرۆك کۆماری جەلال تاڵەبانی و دواتریش سەرۆك هەرێمی مسعود بارزانی لە جاران زیاتر مەترسی تەقینەوەیان هەیە.

لە ئاستی سەراسەری عێراقدا، ڕووداوەکانی ئەم دوو حەوتووە تەنیا ئەوە ئیسبات دەکەن کە هیچ بەشێکی بورژوازی گەڵاڵەیەکی وای بەدەستەوە نیە کە دەوڵەتێك قەوارە پێ بدا کە بتوانێ ئاتۆریتەی خۆی بە سەرانسەری وڵاتدا ڕابکێشێ و لەم ڕێگایەوە چینی دەسەڵاتدار "یەکگرتوو" بکات. هیچکام لە ئایدیولوجیەکانی سەر شانۆ، ئەمەیان لێ ناوەشێتەوە بەڵام تا ئەوپەڕی دووبەرەکایەتی و شەڕەنگێزی یان لێ دەخێزێ. ئیسلامی سیاسی دابەشبوو بە دوو باڵی "شیعە" و "سوننی"، کوردایەتی دابەشبوو بەسەر دوو حیزبی رەقیبدا، عەشیرەگەری و فەسادی ئیداری و مالی هەمەلاگر لە سەرجەم دەزگا حوکومەتیەکاندا، هەموو سەرچاوەی دانەمەزراوی زیاتر و لەرزۆکی دائمی ترن لە دەروونی "دەوڵەت"ی بێسەرەوبەرەی عێراقدا. ڕیزێك نیمچە دەوڵەتی بێ سەقامی یەك لەدوایەك، تاقە ئیمکانێکی "دەوڵەت سازدان"ە کە لەم دەستەودایرە دژبەیەك و "ئیئتیلافی"یانە دەوەشێتەوە.

کورسی سەرۆك کۆماری عێراق کە جەلال تاڵەبانی لەسەری دانیشتوە، نە لە پۆپکەی دەوڵەتێکی ئاسایی و ئەمڕۆیی، بەڵکوو لەسەر لووتکەی کێوێك لە ناکۆکی دانراوە. هەڵبژێردرانی رێبەری یەکێك لە دوو حیزبی رەقیبی کوردایەتی بۆ سەرۆك کۆماری عێراق، بەرهەمی کۆمەڵێك ڕێککەوتن و ئیئتیلافی لەرزۆکە، کە پێش لە مۆر و ئیمزای لایەنەکان، مۆرکی نەزۆکی و بێسەقامی و شکستی پێوە نراوە. جگە لەوەش "دەوڵەتی نەبەکام"ی تاڵەبانی و جەعفەری لەگەڵ سەددێك لە تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خەڵکی عێراق، لەگەڵ بزووتنەوەی ڕوولەگەشەی کۆمۆنیزم و کارگەر، لەگەڵ بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژن و پیاو و لەگەڵ ڕاستیەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بەرەورووە کە لەپێشەوە خەتی سووری بەسەر حاکمیەتی شەریعە و نووساندنی قەومیەت و مەزهەب بە ستروکتووری سیاسی کۆمەڵگەوە کێشاوە.

لە کوردستان کە بەڕواڵەت سەقامگرتووترە، بێسەقامی خەریکە لە دڵی هەر ئەم "ڕێککەوتن"انەوە چەکەرە دەکێشێ و سەر هەڵدەدا. مەسخەرەترین شانۆی سیاسەتی ئەمڕۆی عێراق ئەوەیە کە سەرۆك کۆمارەکەی کە دەبێ وێنەی "یەکیەتی میللی" لە ئاستی سەراسەری عێراقدا بێ، رێبەری لقێکی بزووتنەوەی کوردایەتیە کە نەیتوانیوە و ناشتوانێ یەکیەتی لە ڕیزی خودی کوردایەتیدا دابین بکات!

بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی، بوون بە سەرەك کۆماری رێبەری یەکێك لە لقەکانی، جێگای هیچ شانازیەك نیە. چونکە ئەمە لە ڕێگای یەککەوتن لەگەڵ کۆنەپەرستترین هێزی سەر شانۆی ئێستەی سیاسەتی عێراق، یانی ئیسلامی سیاسی، ئەویش بەشی گرێدراو بە جومهوری ئیسلامیەوە بەدەس هاتوە. ئەمە ئاخرمەنزڵی ڕێگایەکی بێ شانازیە کە ئەم بزووتنەوە بورژواعەشیرەییە لە ماوەی چلوچوار ساڵی ڕابردوودا بڕیویەتی. ئەمە دواقۆناغی لارێی بەندوبەستە لە بان سەری خەڵکی کوردستانەوە و لە دژی قازانج و بەرژەوەندیان، لەگەڵ هێزی هەرە کۆنەپەرستی جیهانی و ناوچەیی و ناوعێراقی کە بزووتنەوەی کوردایەتی لەم چلوچوار ساڵەدا، لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی لە سەرەتای شەستەکانەوە و بەتایبەت لە شەڕی خەلیجەوە هەتا ئێستە بەدوایەوە بووە.

بەڵام هەر لەم دوو حەوتوەدا کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕی تریش لە سەر شانۆی سیاسەتی عێراق ڕووی داوە کە نیشانەی ئومێد بە وەدیهاتنی دواڕۆژێکی ڕوون بۆ ئەو کۆمەڵگە کاولکراوە پێیانەوە دیارە: بەرپا بوونی کۆنگرەی سێهەمی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری عێراق لە بەغدا بە ماوەی چەن ڕۆژ دوای کۆنگرەی گەورەی شووراکان و یەکیەتیە کارگەریەکان. ئەمەش خۆی بە ماوەیەکی کورت لە پێکهاتنی "کۆنگرەی ئازادی عێراق" و بەرپابوونی "کۆنگرەی ژن و دەستوور لە عێراق" لە لایەن "ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق"ەوە. کۆمۆنیزم و جموجوولی چینایەتی کارگەر و بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژن لە کۆمەڵگەی عراق واقعیاتێکی گەشی کۆمەڵایەتین کە بەرەغمی تەقالای دارودستە کۆنەپەرستەکان بۆ قەومی و ئیسلامی لەقەڵەمدانی کۆمەڵگەی عیراق، بە ڕوونی ئیسبات دەدەن کە عێراق کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و ئەمڕۆژیە کە بەدەوری ململانەی چینایەتی کارگەر و سەرمایەداردا دەسووڕێتەوە. ئەمە تاقە ئەڵترنەتیڤی سیاسیە لە عێراق کە بە حوکمی جێوڕێی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێستە و داهاتووی، دەتوانێ کۆمەڵگەی لەبەریەکترازاوی عێراق لێك بدوورێتەوە و ڕێکی بخا و ڕزگاری بکا. پڕۆژەی ئازادی عێراق هەم لە داگیرکاری ئەمریکا و هەم لە زبڵوزاڵی ئیسلامی سیاسی و تیروریزمی ئیسلامی و پاشماوەی ڕژێمی بەعس و لە بازنەی خویناوی شەڕ و کێشەی قەومی، پڕۆژەیەکی سیاسی واقعبینانەیە کە لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری عێراقەوە بۆ دەرباز بوونی کۆمەڵگە لەم ئاستەنگە و لەم سیناریۆی ڕەشە پێك هاتوە. خەڵك و کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکار لە عێراق شیاوی ئەو دواڕۆژە ئازاد و ڕوونە هەن و دەشتوانن بە هێزی خۆیان وەدی بێنن.